# ڕەفتار و بڕیاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لە نێوان تیۆر و واقیعدا

26-08-2018

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** لەبەر چەندین هۆکار، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان 2018 پێویستی بە خوێندنەوەیەکی تایبەت هەیە. گرنگترینیان بریتین لەو ڕووداوانەی کە لە پاش قۆناغی ریفراندۆم دروستبوو.وەك سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم وحکوومەتی عێراقی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا وئێران ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەندین ئەکتەری دیکە کە کاریگەرییان لەسەر گشت ڕووداوەکان هەبوو.

## | RRC

پ. ی. د.سەباح سوبحی حەیدەر |

لەبەر چەندین هۆکار، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان 2018 پێویستی بە خوێندنەوەیەکی تایبەت هەیە. گرنگترینیان بریتین لەو ڕووداوانەی کە لە پاش قۆناغی ریفراندۆم دروستبوو.وەك سەرهەڵدانی قۆناغێکی نویێ لە پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم وحکوومەتی عێراقی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا وئێران ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەندین ئەکتەری دیکە کە کاریگەرییان لەسەر گشت ڕووداوەکان هەبوو. ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە پاش ڕووداوەکانی ریفراندۆم خوڵقێندران، ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتاری هاونیشتمانییانی هەرێم لە گشت بوارەکانی ژیان دەبێت، بەرەچاوکردنی ئەوەی پرۆسەی بەرێوەبردنی گشتی بۆ دامودەزگاکانی حکوومەت لەسەر بنەمای هەڵبژاردن رادەوەستێت، هەر ئەوەش بۆ چوارچێوەی سیاسی بە تایبەتی پرۆسەی هەڵبژاردن دەگوازرێتەوە.

ڕەفتاری دەنگدان بەشێکە لە ڕەفتاری سیاسی و ئەم بابەتە زۆر هەستیارە و چەندین ڕەهەندی جۆراوجۆر دەگرێتەوە. هەر بۆ ئەو مەبەستە لە چەندین وڵاتی دنیا، چەندین لێکۆڵێنەوە لەسەر ئەم بابەتە کراوە. بەهۆی ئەوەی پرۆسەی دەنگدان شێوازێکی سەرەکییە بۆ بەشداری سیاسی لە وڵاتە دیموکراسییەکان، ڕەفتاری دەنگدان Voting Behavior(سلوك التصويت )، بە تایبەت لە ئەمریکا، بووەتە بابەتێکی سەرەکی لە زانستە سیاسییەکان.

پرسیاری سەرەکی ئەم لێکۆلینەوەیە بایەخ بە خاڵێکی سەرەکی دەدات، ئەویش : ئەو فاکتەرانە چین کە کاریگەری لەسەر ڕەفتارو بڕیاری دەنگدەری هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2018ی پەرلەمانی کوردستان دادەنێن؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە. وەك دیارە، چەندین بگۆڕی جۆراوجۆر دێتە ناو ئەو فاکتەرە کاریگەرانەی کە لە دەوروبەری هەردوو دیاردەی ڕەفتار و بڕیاری دەنگدەردا دەخولێنەوە.

لینکی تەواوی لێکۆڵینەوەکە:

[ڕەفتاروبڕیاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لەنێوان تیۆرۆواقیعدا]